# من کێم؟

احلام منصور

من گورگێکم، هەمیشە برسیمە، فێری خواردنی گۆشتی میللەتم، تینوومە، فێری خواردنەوەی خوێنی میللەتم، مۆتەکەم فێرم لەسەر سنگی میللەتەکەم بنیشمەوەو شەوان خەونەکانی لەبار بەرم، هەندێ جاریش بەدزییەوە یەکێ، دوان، سەد، هەزار، دەخنکێنم...

من نێرەموکم، شەوی‌وا هەیە دەبمە مێ‌و دایکی ئاڵو لە نەخۆشخانەکاندا دەبمە پزیشك‌و دایکان‌و منداڵەکان لەناو دەبەم، هەمیشە گڕرەم دێ بۆ خوێن، حەز دەکەم یەکە یەکە گەنجەکان بکوژم، زۆر حەز لە بینینی خوێن‌و برینەکانیان دەکەم، زۆرم بە کوشتداوە، هەڵمدەخەڵەتاندن کوردایەتیم پێدەفرۆشتن یان بیری نوێ، ئەوانیش ماڵ‌و قوتابخانەو منداڵ‌و ئایندەی خۆیانیانم بۆ بەجێدەهێشتم‌و ڕوویاندەکردە ئەو شاخانە کە داگیرم کردبوون، حەزمدەکرد بەفر بباری‌و یەکە یەکە لەژێر چینەکانی بەفردا زیندەبەچاڵ بن، ئای کە پەرۆشی چاڵ هەڵکەندن‌و دەنگی کفنی سوورم دەکرد، شەوێك ئەگەر بۆنی کفنم نەکردایە خەوم لێنەدەکەوت، بەفیکەیەك میللەتم لەچواردەوری خۆمدا کۆدەکردەوە بەجرتێکیش حیزبەکانم هەڵدەوەشاندەوە، بەبنێشتی کوردی کلکی حیزبەکانم بەیەکەوە جووت دەکردەوە، کێ دەوێرێ لەگەڵ مندا قسە بکات؟ تڕ بەتری دەکەم؟ من منم، ساوەری چی؟ ئەسپێی چی؟ کڵاش‌و پێڵاوی لاستیکی چی؟ هەر هەمووی شانۆگەری بوو، لە نمایشکردندا کەس نامباتەوە، چی؟ گوێم لێ نییە، ئەوە کێیە خۆی بە ئۆپۆزسیۆن لەقەڵەم داوە؟ پێیبڵێن قورقوشم لە گوێیەکانمدایە، هەر خۆم کەر دەکەم، باوەکو سەگ بوەرن، من کێم، نامناسن؟ ئەیچی دەزانن؟ برسیتانە؟ ئاوتان نییە؟ کارەباتان نییە؟ چش، بۆ خۆتان هەر کرێ خانوو بدەن، هەر ئەوەیە، چیتان دەوێ؟ ماف؟ مافی چی؟ هەمیشە ئێوە هەڵماتی من بوون، بەپەنجەکانم یاریم پێدەکردن، جاددەکان؟ چییانە؟ ها؟ گوێم لێ نییە...

– قوربان چاڵو تاسەو داخستنیان‌و....

– بەس، بەس، شارەوانی خۆی دەزانێ چیدەکات.. کەس بۆی نییە دەست لە کاروباری شارەوانی وەربدات، شارەوانی بۆ ئێوە دانەمەزراوە، شارەوانی منە، سەرقاڵە، خەریکی تاپۆکردنی زەوی‌و زارو خانوو ڤێللاو ئوتێل‌و پرۆژە تایبەتییەکانی منە، سەری لێتێك مەدەن، ئەو ژێر بەژێر کاروباری من بەڕێوە دەبات ئاخر شارەوانی بە ئێوە چی؟ قبوڵ ناکەم ناوی بهێنن.

– ئەی بازار بۆچی وا گرانە؟ نرخی گشتی بۆ کاڵاکان نییە....

– ئێوەی تەمەڵو تەوەزەل، حەقتان بە بازارەوە نەبێت، بازار بازاری منە، سەرمایەی من بەڕێوە دەبات، نابێ قازانج بکەم؟ ئەی گیرفانەکانم بە چی پڕبکەمەوە؟ ئەی نەئاوسێن؟ پڕ نەبن لە بلۆکی دۆلار؟ دلم ئارام ناگرێ، ئەگەر قازانج نەکەم، ناخەوم، نیگەران دەبم... گلاراو دەکەم...وردەوردە فێری مشەخۆری بوون.

– مشەخۆری چی؟ هەر یەکێکمان سێ کاری بەدەستەوەیە، لەبەیانییەوە تا ئێوارە هەر خەریکین، ڕا دەکەین، وا خەریکە قاچمان دەشکێ، هەناسە بڕکێ کوشتینی، لەپڕیەکە یەکە دڵمان دەوەستێ‌و دەمرین.

– منیش ئەوەم دەوێ، بمرن، لەژێر لێفەی کۆنە پەرستی‌و ناعەدالەتدا خۆتان خەفە بکەن، نان‌و ئاوتان بۆ چییە؟وووس، وووس، کەس باسی خەونی گەنجان نەکات، بێکارن بێکارنین چاویان دەرهات، با لە....

– ئێمە ئەم هەموو ڕێکخراوانەمان بۆچییە؟

– هەر ئەوەیە، وڵات دەبێ ببێتە گۆڕەپانی سیخوڕی.

– تا دوێنێ پڕ بوو لە پێشمەرگە.

– باوی پێشمەرگایەتی نەماوە، هەر هەموویان دەبنە جەنگاوەری دێرین‌و خانەنشین دەکرێن، هەروەکو بەعس ویژدان‌و هەڵوێست دەفرۆشین‌و دەکڕین...

– تۆ یەك کەس بووی، گورگێك بووی، ئێستا بەزمانی کۆ قسە دەکەیت...؟

– ئێمە مافیایەکی مۆدێرنین...

–وایە، ناهەقن، ببوورن، ناهەقتان نییە، گەلە گورگن...

– ڕاست دەفەرموویت ئەی میللەتە بێدەسەڵاتەکەم، خوا گەورەیە.. گوێ مەدەرێ، ئێمە هەریەکەو حکومەتێکین بۆ خۆمان، لەهەقمان نایەن، بێدەنگ بن، گلەیی‌و سکاڵا مەکەن.

– مەیەنە خەونەکانمانەوە...

– ها ها ها ها، ئەی کێ هەراسانتان بکات؟؟!! ئێوە کێن؟؟ چ کارەن؟؟!!..

– ئێمە میللەتین، پەنجە دەخەینە ناو چاوەکانتانەوە...

– ئێمە قەت ئێوە نابینین، ئێوە لە ئاستی ئێمەدا نین.. بەتەماین.

– دەزانین، بەتەمان بمانخۆن، ئێمە خوراین، ڕۆژێ دێ کەس نامێنێ ئێسقانەکانمان فڕێ بداتە ناو گۆڕەوە.

– گۆڕو کفنتان بۆ چییە؟! ئێمە بێ گوێیمان کردووەتە پیشەی هەمیشەییمان.. حەز ناکەین گوێمان هەبێت دەزانین نوێنەرتان هەر نییە.

– چونکە کار لەکار ترازاوە.

– فێرمانکردن جارێکی تر چەك هەڵنەگرن...وشەرنەکەن... فیلمان لێکردن، زۆلین، لە ئێوە زۆلترین، ها ها ها ها.. هەر یەکێکمان سوڵتان محمودێکی تەمەن درێژە، نامرین، خێری خوا لەبەر دەستماندایەو دەیخۆین.. ژیان بۆ ئێمەو

– مەرگی ئەمیانیش بۆ ئێمە...

– ڕێك‌وایە...

– دەمێکە وردەوردە گیان دەدەین، لەسەرخۆ...

– ئێمەش ئەمەمان دەوێ... حەز دەکەین گۆڕ بۆ یەکدی هەڵکەنن‌و بۆ خۆتان بمرن...

– بەزیندووی زیندە بەچاڵتان کردین...

– چارەنووس..

– تف، تفوو لەم ڕۆژە ڕەشە کە تیایداین...

– بە نووسەرە چرووکەکانیشتان بڵێن باچی دی فلتە فلت نەکەن... یەك بەدوای یەکدا دەکوژرێن..

ها ها...هەڕەشەمان لێ دەکەن؟

– گورگن، دەسەڵات بن... ئێوەش میللەتن مەڕن.. دەبێ بتانخۆین...

– ئەی بۆچی بەکۆمەڵ بە ساتێك نامانخۆن؟

– ئێمە سەدام حسەین نین؟ ڕاستەوخۆ...

– ڕاستە، لۆکەکان پڕن لە ژەهرو ملمان ئامادەیە.. بووین بە دوو بەرەی دوژمن...

– هەمیشە هەروا بووە، تازە دەزانن؟

– نا.. نا.. لەدێر زەمانەوە زانیوومانە...

– ئێمە کێین؟ من کێم؟

– دەسەڵات...دە ئازا بن‌و با حکومەتی عێراقی قووتتان نەدات.



# ئیسلام دژی جاهیلیەت‌و دواکەوتنی بێبڕواکانە

## قسەیەك لەسەر قسەی یەکگرتوویەك !!!

باوکی حارس

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى اله وصحبه اجمعين اما بعد:** من دەڵێم کە زیاتر بژین زیاتر دەبینین لە سەیرو سەمەرەی حیزبایەتی! جارێ شتێکمان بۆ دەکەنە ماڵ بەسەر ئیسلامەوە! بەس باسی ئیسلام بەتەواوی ناکەن بۆ خەڵك هەموو شتێکی تر لایان دەستدەکەوێ!!! گۆرانی‌و مۆسیقا! تەپڵ‌و زوڕنا! کۆنسێرتی بەناو ئیسلامی! بانگەشەی دیموکراسی! شەڕە کورسی! ئەوەی سەیرە لەخۆیان کۆ کردووەتەوە لە هەمووی سەیر تر جارێکیان بیستم لە تەلەفیزیۆنی یەکگرتوو محمد فەرەج دەیوت (ئەمە بە مانا دەگێڕمەوە چونکە لەمێژە بیستومە بەڵام دڵنیام) خەلافەت بۆ ئەم سەردەمە نابێ! ئەم خەلافەتە بۆ سەردەمێك بوو کە لەگەڵ ژیان‌و حاڵیان ئەگونجا، بەڵام بۆ ئەم سەردەمە دیموکراسی گونجاوە ئەوە دەمێکی بەسەرداچووە ئەم قسە لەوە دەچێ ئێستا شتی سەیر تریشیان هەبێ! وە لەم ماوەی پێشوو سید احمد هەندێ تانەی ناشیرنی دابوو لە سەلەفییەکان بەوەی گوایە داشی دامەی دەستی دەسەلاتن! کەسێ شەرمنەکا هەموو شتێ دەکا ! خۆی خاوەنی حەسانەی دیبلۆماسی‌و ئەندام پەڕلەمانە بەدەمی ئەوانەی پێیان دەڵێ علمانی پێدەکەنێ ڕاتبی باشی لای ئەوان هەیە بۆ خۆی‌وە حیزبەکەی! دەیەوێ ئەمەی خۆی تیایەتی بەسەر خەڵك ساغ کاتەوە! ئیتر سەیرو سەمەرەیان نابڕێتەوە من کاتی خۆی ڕەدێکم دانەوە لە سەر گۆرانی‌و مۆسیقا لە کتابی پەیامی بێداری لە زوڕنای یەکگرتوو هاوبیرانی‌وە برایەکی بەڕێز لەم ماوە ڕەددی ئەم قسانەی سید احمدی دایەوە خوا جەزای خێری بداتەوە، بەڵام هێشتا زۆر ماوە بۆ ئەوەی ڕەد بدرێتەوەو ئاشکرا بکرێ لە ئاخیر شتیان ئەوەیە کە یەکێك لە ئەندامەکانی دەڵێ حیزبی ئیسلامی بۆ دەسەڵات هەوڵ دەدا! یانی ئەوەی پێشتر شەرمیان دەکرد بیڵێن ئێستا بە ڕاشکاوی دەیڵێن کە ئامانجی ئەوان کورسی دەسەڵاتە! ئەمەش ڕەدێکی تایبەتم بۆی هەیە بەڵام ئێستا ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەوە دەکەم کەلە ڕۆژنامەی **هاوڵاتی** ئەندامێکی یەکگرتوو دەڵێ ئیسلام دژی خەتەنە کردنی کچانەو چەند قسەیەکی سەیری تریش لە سەر فرە ژنی دەکات ڕێك ئەوەی ڕێکخراوەکانی دژ بە ئیسلام بۆیان ناکرێ ئەم بۆی تەواو کردوون! خوا پەنامان بدات من بەکورتی وەڵامێکی دەدەمەوە بۆ ئەوەی بزانێ کە قسەکەی ئەو دژ بە ئیسلامەو لە سەر هەوای ئەوانەیە کە دەیانەوێ ئافرەتەکانمان لە خشتە بەرن بەرەو حوکمی جاهیلیان بەرن‌و حوکمی خوایان لا ناشیرن بکەن!



### خەتەنە کردن لە فیترەتە

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الله وسلم دەفەرموێ: (خَمْسٌ مِنْ الْفِطْرَةِ الْخِتَانُ وَالِاسْتِحْدَادُونَتْفُ الْإِبْطِ وَتَقْلِيمُ الْأَظْفَارِ وَقَصُّ الشَّارِبِ) متفق عليه

### خەتەنە کردن فەرزەو دروشمی ئیسلامە

کاتێك کافرێ موسڵمان بوو پێغەمبەری خوا صلى الله عليه‌وعلى الله وسلم فەرمانی پێکرد خەتەنە بکات پێی فەرموو: (ألق عنك شعر الكفرواختتن) صحيح ابي داود

### خەتەنە لەدینی ابراهیمی خەلیلی خوایە عليه‌الصلاه والسلام

کە ئێمە ئەو ئوممەتە ئەمرمان پێ کراوە بەدوا کەوتنی‌وەك خوای بەرز دەفەرموێ : [ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ] النحل ١٢٣ءە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم باسمان بۆ دەکا کە ئیبراهیم لە تەمەنی هەشتا ساڵی خەتەنەی کردووەوەك دەفەرموێ : (اختتن إبراهيم بعد ما أتت عليه ثمانون سنة) متفق عليه

با بزانین حوکمی خەتەنە بۆ کورو کچەوەکو یەك هیچ بەڵگەیەك نییە کچان جیا بکاتەوە ئەگەر خیلافیش هەیە لە بەینی زانایان‌و ڕای جیاواز هەیە بەڵام بەڵگە قورئان‌و سوننەتە وەئەوەش بزانین کە هەموو واجبێك خوای گەورە لەسەر پیاوانی دانابێ لەسەر ئافرەتانیشە تەنیا ئەگەر بەڵگەیەك هەبێ لێکیان جیا بکاتەوە لەوواجبە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه‌وعلى اله‌وسلم ئەفەرموێ : (إنما النساء شقائق الرجال) سلسله الاحاديپ الصحيحه ٢٨٦٣ شقائق مەبەست یانی ئافرەت وەك پیاوە بەشدارە لەگەڵی لە ئەحکامەکان تەنیا مەگەر دەلیلێك جیاییکاتەوە، لە سەردەمی پێغەمبەری خواش صلى الله عليه‌وعلى الله‌وسلم خەتەنەی کچان هەبووەو شاراوە نەبووەوەك لەم فەرمودانە زیاتر بۆمان دەردەکەوێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى الله وسلم دەفەرموێ: (إذا التقى الختانان فقد وجب الغسل) سلسلة الاحاديث الصحيحة ١٢٦١ئیمام احمد رحمه الله ئەفەرموێ : ( لەو فەرموودە بەڵگە هەیە کە ئافرەت خەتەنە دەکران)وە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وعلى اله وسلم دەفەرموێ : (إذا خفضت فأشمى ولا تنهكي، فإنه أسرى للوجه وأحظى للزوج) سلسلة الاحاديث الصحيحة ٧٢٢ وە ئەوەش بزانین من ئینکاری ئەوە ناکەم خیلاف هەیە لەبەینی زانایان لەسەر ئەوەی کە خەتەنە بۆ ئافرەت واجبە یان سوننەت یان بۆ ئافرەت نییە تەنانەت هەیانەلێ بۆ پیاویش سوننەتە نەك‌واجب ! بەڵام بە تەئکید ڕای ئیمامی شافعی رحمه الله موافیقە بە قورئان‌و سوننەت کە دەڵێ خەتەنە کردن بۆ کورو کچ واجبە بێجیاوازی ئەوەش زانراوە لە مەزهەبی شافعی لەسەر ئەو ڕایەن وەك نەوەوی رحمه الله لە شەرحی مسلم لە ژێر شەڕحی فەرموودەی فیترە پێنجن دەڵێت : ( فَالْخِتَان)وَاجِب عِنْد الشَّافِعِيّ وَكَثِير مِنْ الْعُلَمَاء،وَسُنَّة عِنْد مَالِك وَأَكْثَر الْعُلَمَاء، وَهُوَ عِنْد الشَّافِعِيّ وَاجِب عَلَى الرِّجَال وَالنِّسَاء جَمِيعًا )شرح صحيح مسلم هەروەها لە کتابی المجموع ئەم قسەیەی هەیە رحمه الله ئەوەش دەزانین کە خەڵکی کوردستان شوێنکەوتەی مەزهەبی شافیعین مەلاکان ئەوە دەزانن‌و تا ئێستاش ئەو فەتوایە بۆ خەڵکی دەدەن مەگەر ئێستا هەندێکیان هاتبنە سەر ڕای یەکگرتوو !!! بە هەر حاڵ ئەگەر ئەو بەڕێزە وتبای ئەمە مەسەلەیەکی خیلافیەو من بەواجبی نازانم من ئەوەندە پێم گرنگ نەبوو وەڵامی بەو شێوە بدەمەوە بەڵام بڵێ ئیسلام دژایەتی ئەمە دەکا ناچارم ڕەددی ئەو قسەیەی بدەمەوە چونکە ئەم قسە دژ بە ئیسلامەوەك بۆمان دەرکەوت لە بەڵگەکا، بەنسبەت ئەوەی کە باسیکردووە لە فرە ژنی ئەو مەرجانەی بۆ داناوە کە ئیسلام لەو مەرجانە بەریەو (ما انزل الله بها من سلطان ) ئەگەر بەڵگەت هەیە ئەو مەرجانە داندراوە لە ئیسلام بۆ هێنانی ژنی دووەم ئەوە فەرموو دەریبخە! بەڵگەش قورئان‌و سوننەتە نەك قسەی ڕێکخراوەکەی خۆت کە لە زۆر شت پێچەوانەی ئیسلام دەکەن بە داخەوە ! ئەگەر ئەم قسەیەشت لەدەم دەرچووە بۆ ڕازیکردنی کەسانێکی نەفام‌و دژ بە ئیسلام ئەوە بزانە خوای بەرز دەفەرموێ : [ثُمَّ جَعَلْنَاكَ عَلَى شَرِيعَةٍ مِنَ الْأَمْرِ فَاتَّبِعْهَاوَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَ الَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ] الجاثية ١٨ ئەگەریش لە دەمت دەر نەچووە بەڵکو چاو لەکافران دەکەیتەوە ئەوەی ئەوان لەسەرین پێت باشە ئەوە بزانە خوای بەرز دەفەرموێ : [أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللَّهِ حُكْمًا لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ] المائدة ٥٠ ئومێد ئەکەم وەکو ئامۆژگاری برایەك بۆ خوشکەکەی ئەم قسانەم لێ‌وەربگری‌و خۆت نەخەیتە داوی نەفامان چونکە هەر چەندەی بۆیان تەنازول بکەی لە دین وازت لێ ناهێنن تا بەیەکجاری واز لە دینەکەت نەهێنێ ! خوای بەر دەفەرموێ : [وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ فَاعْفُواوَاصْفَحُوا حَتَّى يَأْتِيَ اللَّهُ بِأَمْرِهِ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ] البقرة ١٠٩ وە بشزانە لابدەی لە قورئان‌و سوننەت‌و دوای قسەی بێبڕواکان بکەوی توشی سزای خوا دەبیت لە دنیاو قیامەت خوای بەرز دەفەرموێ : [وَلَوْلَا أَنْ ثَبَّتْنَاكَ لَقَدْ كِدْتَ تَرْكَنُ إِلَيْهِمْ شَيْئًا قَلِيلًا (٧٤) إِذًا لَأَذَقْنَاكَ ضِعْفَ الْحَيَاةِ وَضِعْفَ الْمَمَاتِ ثُمَّ لَا تَجِدُ لَكَ عَلَيْنَا نَصِيرًا (٧٥)] الاسرا.

ئیتر داوا لەخوای گەورە دەکەم کە موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ حوکمی خواو واز بێنن لە حوکمی جاهیلی‌و شەیتان‌و چاو لە بێبڕواکان نەکەنەوەو شەرم بە ئیسلام نەکەن‌و خۆ بە نزم نەزانن بەرانبەر بێبڕواکان خوای گەورەش بەتوانایە لەسەر هەموو شتێ .